فوئاد حوسێن و باڵیۆزی ئەمریکا تاووتوێی ئاگربەستی غەزە یان کرد

باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق رایگەیاند، لەگەڵ یاریدەدەری سەرکۆماری وەزیران و وەزیری دەرەوەی عێراق تاووتوێی جەنگی غەزە و پەیوەندییەکانی بەغدا و واشنتنمان کرد.

ئەلینا رۆمانۆوسکی باڵیۆزی ئەمەریکا لەعێراق لە تێی کۆمەڵایەتی ئێکس، نووسیوویەتی: "لەگەڵ دکتۆر فوئاد حوسێن یاریدەدەری سەرکۆماری وەزیران و وەزیری دەرەوەی عێراق، تاووتوێی ئاگربەست و وەستانی شەڕمان لە غەزە کرد.

رۆمانۆوسکی هەروەها نووسیوویەتی: "عێراق و ئەمەریکا ڕێکی کاریگەر لە سەقامگیری ناوچەکە و پشکەشکردنی یارمەتی مرۆیی دەگەن".